***چەند نمونەیەکی پێشێکاری مافی دانەر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا**

## -نمونەی یەکەم

**بەهۆی سەرنجڕاکێشبوونی هەندێ لەو وتار و بابەتە ڕۆژنامەنوسیانەی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاودەکرێنەوە، تائێستا چەندین سایت و وێبلاگی ئینتەرنێتی ئەو بابەتانەی (کوردستانی نوێ) وەردەگرن و بێ پرس سەرلەنوێ بڵاوی دەکەنەوە.**

**هەر بۆنمونە بابەتی (جیهان هێندەش تاریك نییە) لە ژمارە (4688) ڕۆژی (9/28) لە لاپەڕەی وەرگێڕاندا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام سایتی (گوڵان میدیا) هەمان بابەتی لە سایتی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وەرگرتووەو بەبێ ناوی وەرگێڕ، بەبێ پرسکردن بە ڕۆژنامەکە و وەرگێڕەکەی سەرلەنوێ بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی لێرەشدا جێگەی سەرسوڕمانە لە دامێنی هەمان سایتیشدا نوسراوە (هەموو مافێکی ئەم سایتە پارێزراوە)!.**

**ناونیشانی بابەتەکە لە کوردستانی نوێدا** (http://www.knwe.org/Kurdistani%20Nwe/28-9-2008/Kurdistani%20Nwe.htm)

**ناونیشانی هەمان بابەت لە سایتی گوڵان میدیادا** (http://www.gulan-media.com/details.php?subject=newsp&scheme=a&id=8253)




***بابەتە ڕەسەنەکە لە (کوردستانی نوێ)**

## -نموونەی دووەم

**دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لەژمارە (4695)ی (10/10) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) سەبارەت بە لەچاپدانەوەی کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری دێرینی کورد لەلایەن (بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەنووسی کوردی)ەوە، ئەم هەواڵە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەکەی کەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)یە، لەچەندین شوێنیتر بەبێ مۆڵەت وەرگرتن سەرلەنوێ بڵاویان کردۆتەوە، ئەمەش پێشێلکردنی مافی دانەرە**

***هەواڵەکە لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)**




***بڵاوکردنەوەی هەمان هەواڵ لەسایتێکدا بەبێ پرس و ناوهێنانی سەرچاوە:**

http://www.xameynuseran.com/x/Bnkay-Zhin.Chapkrawynew.pdf

